**دیمەنی بۆکان لە بیرەوەریەکانی حاجی عەوڵای قازیدا.**

هەرچۆنێک بێ گەیشتمە لای حەوەزێ و بە کووچەیەکی دا بەرەوخواربوومەوە ، لەو وەزعەدا تووشی ژنێکی سوورکارەبووم گۆزەئاوێکی پێ بوو دەچۆوە ماڵێ . ئەگەر تێم فکری ناسیمیەوە وگوتی:ئایەرۆ ئەوە بۆوات لێهاتوە وبەخێرهاتنی کردم ودەستی بە گریانێ کرد . ئەمنیش گوتم وەڵا سەربازم و وەزعم ئاوایە و برێک نەخۆشم . نەمناسی زۆرم زگ بە خۆم سووتا خوداحافیزیم لێکرد و چوومە قاوەخانەی. لەوێ دانیشتم ، کورسیەکانی داری رەق بوون، قاوەچیش تازە سەماوەری پێوەنابوو وئاوری کردبۆوە وبازاڕی نەبوو.تاق ولۆق خەڵک لە دێهاتی را دەهاتن.چایەکە گەیشتێ نانم بۆ نەدەخورا . لایەکی رووەمتم تەواو رەش ببوو وپووکی ددانم وەک قەترانی رەش هەڵگەڕابوو، لێوم هەڵمسابوو وئاو بە زارم دا دەهاتە خوارێ.

هەرچۆنێک بێ دووچام خواردەوە . دەبوو زارم بۆ خوار کردبا ولاجەولاج چایەکەم بە زارم دا کردبا و نەدەبوو گەرمایی وەلای سەرمابردووەکەی بکەوێ. زۆرم برسی بوو. گەرم نەدەبوومە و نەمدەتوانی لە سەر ئەو تەختانەش درێژ بم و حەجمینم لێ بڕابوو . هەستام گوتم با سەرێک بەودەورووبەرە دا بکێشم بزانم کەسێک ئاشنایەک نابینم یان لانی کەم ئیدارەی لە وەزعی خۆم ئاگاداربکەم . بەو بەیانەی تووشی سەربازەکان بووم کە لە مەئمووریەتێ را دەگەڕانەوە. کورێکیان دەگەڵ بوو بە نێوی محەمەدی قا سمیان کوڕی وەستا قاسمی سنەیی کە خەڵکی سەردەشتێ بوو زۆر پێکەوە ئاشنابووین.هەر کە چاوی بە من کەوت گوتی:کوڕە عەوڵا ئەوە بۆ وات لێهاتوە؟

محەمەد وەزعم شەکەتە . گوتی وەرە وەرە ئەتۆ سەرماتە ، دەلەرزی . قاوەخانەیەکی گەرم و ئاوەدانی لێ بووچووینە وێ. بانگی کرد و کوتی یارەماسی کوڵاو بێنن . گوتم بۆم ناخورێ.گوتی بەخودای دەرخواردت دەدەم ئەتۆ لە برسان کەوتووی. یارەماسیان هێنا و هەڵپیشاوت وخوێی پێوە کرد وبە قامکی دەولای زاری دەنام وپاڵی پێوەدەنا ودەی گەیاندە گووپم ودەیکوت قووتی دە . بەوجۆرە دووسێ دەنکی یارەماسی بە زۆری دەرخوارد دام. برێک وڵات گەرم داهات بردمیە ئیدارەی. ئەورۆژە ئیدارە نەبوو بردیا نمەوە مەنزڵێ .  باش بوو ئەو شەوەی ئاورێک شتێک هەبوو . بۆ سبەی وەزعم زۆر خراپتر بوو بردیانمە ئیدارەی لەوێ کاغەزیان نووسی بۆ دوکتوری.

دوکتورێکی ئا لمانی(1)  بە خۆی و بە ژنەکەی ، مەتەبێکی دانابوو خزمەتی خەڵکیان دەکرد وئەو شارە تەنیا ئەوانی لێ بوو و زۆر دوکتورێکی باش و بە نێوبانگ بوو. ئەگەر چووین زیاتر لە 100،کەس ژن و پیاو و منداڵ و پیروپەککەوتەی سەرمابرد و نەخۆشی لێ بوو.کۆخە کۆخ و هەرایەک بوو مەگەر خودا بزانێ.

عەوڵا عەجەم سینگی دا پێشێ و گوتی ئێمە سەربازین و ناتوانین مەحتەل بین و نۆبە بڕی کرد وچووینە ژوورێ. ئەگەر چووین دوونەخۆشی دیکەشی لێ بوو کاری وان تەواو بوو نۆرەی ئێمە هات. دوکتور چاوێکی لێکردین هەرچاوی بە تفەنگەکەی کەوت بە عەوڵای گوت دا پێشفە نگێکی بکە. عەوڵا پێشفەنگی کرد و دوکتور کەمێک پێکەنی وتفەنگەکەی لێ وەرگرت . ئەگەر بەو دەستە ناسکانەی بەهەموو قەوەتی خۆی لە قونداغی تفەنگی دا ، شریخەی وەک دەمانچە هات ، ئەمنیش بەو حالەی بووم هاوارم کرد و گوتم دوکتور نەکەی دەیشکێنی خودا دەزانێ بشکێ دەمانکوژن ، نەکەی. موتەرجیمەکە بۆی گێراوە زۆر پێکە نی. گوتی:ئەوە تفەنگی ئێمەیە ، ئێمە دەزانین چۆنی بەکاربێنین . ئەمن زیاتر لە یەک مانگی مەشقی ئەوەیان پێکردووم. دەبێ بە هەموو قەوەتی خۆت لە قونداغی بدەی

دەبێ دەست بخارێ ، ئەگەر بەردی پێدا بکەوێ یان هەر شتێکی لێ بێ نابێ بێشێ و دەبێ بمرێ . پێتان وایە ئێمەش ئێوەین ، بە حاستەم و دوو بەڵا لە قونداغی دەدەن.

نا دوکتور بە خودای دەیشکێنی بۆشمان چاک نابیتەوە ، پیاوی چاک بە لەوەی گەڕێ.زۆر پێکەنی ، لە سەر تەختەکەی درێژی کردم و تێم فکری وسەری راوەشاند وگوتی ئەمن ئێستا چ بکەم ئاخر نە دەرزیەک نە دەرمانێک نە هیچ شتێک نییە دابچن هێندێک لیمو بێنن . کەمێکیان لیموی رەق هێنا و نێوەکەی دەرهێنا و کردی بە مەعجون وگوتی دەبێ رۆژێ چەندجارئەوەی رێ بخەی . گوتم ناوێرم بە عاستەم دەستی لێ دەم. گوتی دا دەستی بگرن ئەگەر بە قامکی ئەو مەعجونەی رەپووکی خستم هەرئەوەندە بوو نەمردم. هەرچەند هاوارم کرد و خۆم راپساند فایدەی نەبوو . لەوێ بێحال کەوتم بە زارم دا کێم و هەوا و چڵک و خوێن دەهاتە خوارێ. دوایە پرمەنگەناتی دەزارم وەردا و شوشتیەوە ئەوجار ناردی کەمێک زاخ و شتی دیکەی هێنا و گرتیەوە و بۆی لە سێ شووشان کردم وگوتی دەبێ رۆژێ سێ جار غەرغەرەی پێ بکەی و دەزاری وەردەی . دوایە بەستەیەکی حەب بۆ نووسیم و گوتی بە هەر قیمەتێکی بی ئەو حەبانە لە دەواخانەی جوولەکەی پەیدا بکە و بیان خۆ.

ئەوکات زۆرتر جوولەکە دەواخانەیان هەبوو، بەڵام لەو سەروبەندەی دا ئەوانماڵیان بار دەکرد و بە ماشێنێ دەچوونە تاران و لەوێش را دەچوونەوە بۆ فەلەستین .

لەوێ را رۆیشتین بۆ دووکانی جوولەکەی . ئەگەر چووین ما ڵەکەی پێچابۆوە ، بەڵام ماڵی ئاوەدان بێ ئەوحەبانەی دامێ و بەوشێوەیە ، بەو دەرمانانە بە 15 رۆژ چاک بوومەوە بەڵام پووکم هەر خراپ بوو، دوایەش ئیدی ددانەکانم بە تەواوی پەکیان کەوت.

ئەوجار کارم ببوو بە ئەوەی پەروەندەی ئەو سەربازانەی کە بە پۆل ئیخراج دەکران و بە رواڵەت دەبوونە کەفیلی دایک و بابی پیر و نەداریان ، ببەمە لای رەئیسی دارایی ، بۆ ئەوەی ئیمزایان بکا ، ئەویش زۆر ناجسن بوو هەموو جارێ زیاتر لە سەعات و نیوێکی مەحتەل دەکردم و ئیمزای نەدەکرد. جارجارەش بە تەوسەوە دەیگوت:مسیۆ لە کولم نابیەوە.ئەمنیش دەمگوت تەقسیری من چیە بۆخۆت ئەو کارەت وەستۆ گرتوە وئەتۆیان بە من ناساندوە ئەمن بڵێم چی. لە بڕی ئیمزاکردنی ئەو پەروەندانە هەمووجارێش بەزۆری دووسێ تمەنیشیان دەدا بە من و بە زۆری دەگیرفانیان دەنام. ئەمنیش بە راستی بەوەی نارەحەت بووم و خەجاڵەت دەبوومەوە. جارێکی سەعیدخانی هومایون(2) 33 پەروەندەی بۆ هێنابووم. بۆم بە ئیمزاگەیاند.ئاگام لێبوو بە کوێخای گوت بۆ هەر پەروەندەیەی پووڵێکی بدا بە من. ئەگەر پووڵەکەیان دامێ ئەوەندە نارەحەت بووم بە وەڵاهی نازانم چۆن بوو، نەبووم بە قەترەیەک ئاو. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە رێگای مهاباد گیرابوو ، بابم لە حەددی دەستەنگی دابوو عیشایە خودام نەبوو. ئەوجار لە بەر رشوەت و بەرتیل خۆری بنەماڵەی پیسی پەهلەوی ، یارمەتیەکی ئاوایان نەدەداینێ. ئەوەش کە حەقی خۆمان بوو و رۆژێ 9 قران بوو نەدەگەیی و بە نێو قامکان دا بڵاو دەبۆوە و دەدزرا و ماڵیات یان ریش سمێڵانەیان لێ وەردەگرتین. مەسەلەن لە باتی 27 تمەن 17 تمەن یان دەداینێ . لە ئەوەش دەیان گوت وەلا گروهبا نەکە چوتە میاندواوێ و چۆتە قەحبە خانە و شتی وا، پووڵەکەی خەرج کردوە . بۆمان دەهاتەوە 2 تا 3 تمەن.رۆژێکی لە دێیەکی بۆکانێ لە ماڵی کوێخایەکی ، سەرباز لە گروهبا نێکی راست بوونەوە ئەوەندەیان تێهەڵدا مەگەر خودا بزانێ . ئەو تێهەڵدانەش بوو بە حقووق و یارمەتی 3 مانگی ئێمە.

وردەوردە بەرەو بەهار دەڕۆیشتین و سەربازیمان بەرەو تەواو بوون دەچوو. هێنایانینەوە مهابادێ و ئەمن لە دژبانی دەبووم . وەرهرام فەرماندەی شاری مهابادێ بوو . ئەفسەرێکی زۆر گەورە بوو. بە تایبەتی ئەوکات زۆر باش بە شاری رادەگەیشت . ئەو کات دەنگۆ هەبوو کە بە رادەی 1500 دانە گۆواری رێگا کە بڵاو کراوەیەکی حزبی دێموکرات بوو هاتووەتە مهاباد و دەوڵەت لە غەنی بلوریان و عەزیزی یوسفی بە گومان بوو. وەرهرام دەستووری دابوو کە دەبێ هەرچی زووتر ئەو بڵاوکراوەیە بدۆزرێتەوە ، ئەمنیش دەمزانی کە ئەو خەبەرە راستە ، چونکە لەو گۆوارانە یەکدانە کەوتبوە دەستی کاکەرەحمانم(3). شەوێک کەریم مەحموودی کە ئەفسەرێکی فارس بوو دوایە لە دەرباری شای بوو بە رەئیسی دژبان ، ئێمەی کۆ کردەوە و بردینیە سەر ماڵی مامە غەنی . مامە غەنی لە ماڵێ نەبوو و خۆی شاردبۆوە و ئەو گۆوارانەشیان بە گوریسی راهێشتبووە نێو چاڵاوێ و لە نێو قەدی دا هەڵیانواسیبوون و ترومپاکەشیان لەسەر دانابۆوە . ئەمن دەمزانی کە ئەوە دەوێدان بەڵام باش بوو نەیاندیتەوە.

دەورەی سەربازی ئێمە بەرەو تەواو بوون دەچوو . یارمەتی دووما نگ مان وەرنەگرتبوو. دەبوو بە شێست تمەن کە ئەو کات پووڵێکی چاک بوو. بەڵام نەیان دەداینێ و دەبوو سەد ئیدارەی بکەین و بچین فلان سەروان ئیمزای بکا و فلان تەئیدی بکا و خۆلاسە هەرچی دەمانکرد بۆمان وسووڵ نەدەبوو. ئیستوارێکی سەگی قەدیمی مان هەبوو. گوتی : ئەگەر لەگەڵم نیوە بکەن بۆتان دەستێنم. ئێمەش زۆر پاڕاینەوە و گوتمان کوڕە پیاوی چاک بە وەلاهی فەقیرین ، روحممان پێ بکە ، گوتی وەڵاهی ئەوەش بۆمن نیە . زگم پێتان دەسووتێ و ئەو نیوەیەش دەبێ بدەم بە خۆیان خۆ بە خۆڕایی جێ بە جێی ناکەن . بەم شێوەیە نیوەی یارمەتیمان وسووڵ کرد.

1. ئیحتمالەن دوکتور فریدریش بوە کە خەڵکی ئوتریش بوە.
2. سەعیدخانی هومایوون خەڵکی ئاوایی یەکشەوە ، کوڕی عەبدوڕەحمان بەگی هومایون لە بنەماڵەی بوداق سوڵتانی موکرین. دایکی خەجیج خانم کچی قازی عەلی و خوشکی پێشەوا قازی محەمەدە. سەعیدخان ئاجودانی قازی محەمەد بووە و لە هەموو سەفەر و دیدارێک دا دەگەڵی بوە. لە زەمانی کۆماری ئیسلامی دا دەگەڵ خەڵکێکی زۆری دیکە بۆ شاری داموغان تەبعید کرا . کتێبێکی بە نرخی بە نێوی پیشوای بیداری بە زمانی فارسی لە پاش خۆی بە جێ هێشتوە ناوبراو چەند ساڵ لەوەپێش لە مهاباد کۆچی دوایی کرد.
3. مەبەست کاک رەحمانی قازی براگەورەی حاجی عەولا نووسەری ئەو بیرەوەرییانەیە. کاکە رەحمان کوڕی قازی کەریم لە تێکۆشەرانی کۆماری مهاباد بوە. دواتر وەک دەبیری خەت و نەقاشی لە دەبیرەستانەکانی مهاباد دەرسی دەکوتەوە، وینە کێشێکی بە ناوباگ ، خەت خۆشێکی چیرەدەست هەروەها لە زەمانی خۆیدا تفەنگچیەکی ئەنگێوە و راوچیەکی بی هاوتا بوە. ئەو شیعرانەی مامۆستا هێمن بۆ ئەو هەڵبەستراون.

چلۆنە کەیفەکەت رەحمانی قازی دەخۆی ئێستاش کە بابی جەرگی قازی

| | |
|---|---|
| ئەوێستاش لێ دەنێی تۆ سەنگەسیران | دەنێری کاسە سفرە بۆ فەقیران |
| مەزەی ودکاتە هێشتا سینگی باڕی | نەوەلا هێندە برسی بەرد دەهاڕی |
| ئەوەت چاکە لە قەسابخانە دوورنی گۆشت زەروورنی | وەکوو عەولای(4)برات بۆ |
| هەڵەم کرد لێم ببوورە تاکوومابی | هەڵۆی و کاکە بۆ کۆلارە نابی |
| ئەتۆ پەڕ کوری توند وتیژ و دڕبووی چڕبووی | ئەتۆ سوڵتانی شاخ و کێو و |
| زەمانە داخەکەم باڵی شکاندی خزاندی | لە ناو داڵ و قەل و کوندی |
| حەیف ئەی شا هەڵۆ بۆ باڵ وچەنگت تفەنگت | حەیف سەد حەیف بۆ دەست و |
| حەیف ئەی نابغەی راوی موکوریان | کە باڵندە لە ترسانت دەگریان |
| دەبینم ئێستەکانە چەک کراوی مراوی | دەترسێم چاوی تۆ کوێر کەن |

4.مە بە ست حاجی عەولای قازی نووسەری ئەو بیرەوەرییانەیە.

کۆتایی